# پیرۆزی و تەلیسمی خەیاڵ

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**



بەنیازم چیرۆکێک بنووسم، بەڵام ئەو پاڵەوانەی کە ئەمەوێت بیخولقێنم کێشەم بۆ دروست ئەکات، چونکە ئەو فریوی خەیاڵی خواردووە، یا چاکتر وایە بڵێم لەگەڵ واقیعدا کێشەی هەیەو ناگونجێت، هەمیشە لەبەردەم ئاوێنەیا دانیشتووە، بەشێوەک خۆی ئەگۆڕێ کە لەگەڵ دنیای ناو ئاوێنەیا بگونجێ، بەردەوام لە ئاوێنەیا بەشوێن خۆیدا ئەگەڕێ. ئیتر پێوەندی بە ژیانەوە نەماوە و وەک پەیکەری لێهاتووە. ئەو هیچ کاتێک ئامادە نییە لە خەڵک بڕوانێت یا خەڵک لەو بڕوانن، هەموو بەیانیان پێش ئەوەی بەڕێ کەوتایە بۆ زانکۆ کاتژمێرێک لەگەڵ وێنەی خۆی ئەدوا لە ئاوێنەدا. ئەو کەسێکە لە خەیاڵەکانیشیدا تەنهایە لە هیچ شتێکی واقیع ڕازی نییە (بەنیازی شوێنی خوا بگریتەوە، چارەنووسم بۆ دیاری بکەی چیرۆکنووس، بەبێ ئەوەی ڕێگە بەخۆم بدەی، نهێنییەکانی ژیانم بۆ خوێنەر باس ئەکەی) لە کاتێکدا دەستم کردووە بە نووسینی چیرۆکی ژیانی تۆ کە پاڵەوانێکی شکست خواردووی، بۆئەوەی زامەکانت نەکولێنمەوە ناچاری ئەوەی من ئەینووسمەوە پێی ڕازی بی. تۆ کێشەیەکت هەیە ئەویش ئەوەیە لە خەیاڵا ون بووی، بەناو ئاوێنەکەدا ڕۆچووی ئەوێش شوێنی تەنها کەسێکی تیا ئەبێتەوە ئەگەرچی هەموو جیهانیش پیشان بدا، تەنانەت لە دەموچاوی خۆشت ڕازی نەبووی، چەندین جار ماکیاژەکەت ئەگۆڕی، بەبەردەوامی خەریکی خۆڕازاندنەوە بووی، لەگەڵ ئەوەشدا شتەکانت بە دڵ نەبوو، کاتێک بەلای کوڕەکاندا ئەڕۆیشتی سەرت بۆ ئاسمان هەڵئەبڕی، قسەت لەگەڵ کەس نەئەکرد، ورتە ورت پیشەی تۆ بوو، ئەتویست هەموو هەڵسوکەوتێکت شاراوەبێ. نازانم ئێستاش کچەکەی جارانی، چونکە من ئێستا لە نادیاری تۆدا لەسەر کاغەز بە وشە دروستت

ئەکەمەوە، بەو هیوایەی گەر بە ڕێکەوتیش بێ بیبخوێنییەوە، تەنها چاوت یەک ڕەنگ بوو هەمیشە لە خۆگۆڕیندابووی هەر ڕۆژەو جلوبەرگێک، جۆرە ماکیاژێکت بەکار ئەهێنا، ئەتویست واقیع چاو لە تۆ بکات، بەوەیا ئەمزانی ڕوانینت نەگۆڕاوە، چونکە چاوت هەمیشە یەک ڕەنگ بوو (چیرۆکنووس ناتوانی بە ئەمانەتەوە ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە کە لە خەیاڵ ئەچن، تۆو هاوڕێکانی زانکۆم درۆ ئەکەن، تۆ بە زمانێکی زبر و نێرانە باسم ئەکەی، تۆ تەنها بنووسە لێگەڕێ با من بگێڕمەوە، گێڕانەوەی ڕووداو بەوردی هەر لە مێینە جوانە، پیاو واتە دەسەڵات، نووسینەوە بەگوێرەی بەرژەوەندی) زۆر خۆت لە گێڕانەوە هەڵمەقورتێنە، ئەگینا لەم چیرۆکەدا بە ئازارێکی سەختەوە کۆتایی بە ژیانت ئەهێنم، ئەتەوێ هێزی من تێک شکێنی من بەنیازم ئەم گێڕانەوەیە درێژە بکێشێ و لە چیرۆکەوە ببێتە ڕۆمان، تکایە بهێڵە دەسەڵاتم بەسەر کەسایەتیدا بەهێزبێ. لە بیرتە دوای ئەوەی لە پاشەملە باسی شەرەفی یەکێ لە هاوڕێکانت کردبوو بەخراپە، کە لە بەشە ناوخۆی وەک خوشک لە ژوورێکدا ئەژیان، بێئەوەی خەڵک تێگەیەنێ لە ژوورەکەیدا سەرزەنشتی کردی لە کۆتاییشدا ئەیویست بەرەو دنیای واقیع بەکێشت بکات، بەڵام تۆ تەنها لە ئاوێنەیا گوێت لە خۆت ئەگرت... گێسووم ئەبێت ئەوهابێت، پەرچەمم بەناوچەوانما ناهێنمە خوارێ، وا نییە خونچە گیان، بەیانی تاڵەکانی تریش زەرد ئەکەم ، لێو ئەمرۆ سوورم کردی، بەڵام بەیانی پەمەییت ئەکەم... لە ماکیاژدا بلیمەت بووی سەرت لەو کوڕانە شێواندبوو کە گیرۆدەت ئەبوون، چونکە ئەو ڕۆژەی کە ئەتویست سەرنجی یەکێکیان بەلای خۆتا ڕابکێشی، بۆ بەیانی بە جۆرە ماکیاژێکەوە ئەهاتیتەوە بۆ زانکۆ کوڕەکە نەیئەتوانی تۆ بناسێتەوە، چونکە خەیاڵ وەک سەرابی لێکردبووی ئەتوانم بڵێم تۆ تەنها هاوڕێ نزیکەکانت ئەیانناسیتەوە ئاخر تۆ هەر ڕۆژەو وێنەیەک بووی. سەرزەنشت کردنەکەی سروود کاری تێکردی زیاتر بوغزت خواردەوە، هەرخۆت باسی سرووودت بۆ ئێمە گێڕایەوە گوایە گلەییت هەبوو، ڕۆژێک دوای ئەوەی سروود سەرزەنشتی کردی زانکۆت جێ هێشت ڕۆیشتیتەوە بۆ شارەکەی خۆت، چونکە ماڵتان لەو شارە نەبوو بێزاربووی ئەتویست چەند ڕۆژێک بە ئارامی لە ماڵەوە بگوزەرێنی (چیرۆکنووسێکی چەواشەکەری ناتوانی لە خەیاڵا ڕووداو بخوڵقێنی، کتومت مێژوونووسەکانی سەر بە سیاسەتی ڕۆژ، تۆ هەمیشە کەسێکی خۆتێهەڵقورتێنەر بووی، ئەبینم ئێستا خۆت بەسەر منا ئەسەپێنی، بهێڵە هیچ نەبێ بەخەیاڵ بژیم) زۆر سەرەڕۆی ئاخر کەسانێک هەن ژیانێکی تایبەت ئەژین کە ناکرێت پشتگوێ خرێن. خۆت گێڕاتەوە ئەو شەوە لە ماڵەوە لەگەڵ دوو خوشکەکەتدا ڕاکشابوون باسی خەڵکتان ئەکرد، بەڵام تۆ ئاگات لەوان نەبوو، چونکە سووکایەتیت پێکرابوو، ئەو شەوە باوکت بە سەرخۆشی هاتەوە، کە دایکت دەرگای لێکردەوە لەتری ئەدا قاچەکانی دیلانێیان ئەکرد، دایکت بە باوکتی وت: خونچە گیان هاتۆتەوە. ئیتر ئەو شەوە باوکت بە تۆوە گرتی وەک خۆت باست کرد باوکت پیاوێکی میهرەبانە، بەڵام ئینسان کە سەرخۆش بوو خۆی لەدەست ئەدا، هەر کەزانی گەڕاویتەوە بۆ ماڵەوە بانگی کردی، تۆ هەر لەخۆتەوە لە ژیان بێزاربووی دەموچاوت مۆن کرد و چوویت بۆ لای باوکت ئەو نەیئەزانی شەوە یا ڕۆژ، لەجیاتی ئەوەی دەست بۆ ڕوومەتت بەرێ بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی سەرت تاوەکو ماچت بکا، دەستی بۆ سنگ و مەمکت برد، تۆ زۆر ئاسایی ئەو شەوەت بۆمن گێڕایەوە گوایە لە من ڕائەبینی، تۆ حەپەسای و دەستی باوکت گرت، بەڵام نەتوێرا تووڕەیی خۆت دەربڕی لە ناخی خۆتا ئەتقیژاند بێزت لە هەناسەی باوکت ئەبۆوە، لەو کاتەدا کە دەمی هێنا بۆلای ڕوومەتت هێڵنجێکی دا، ئیشەکە بۆ تۆ ناخۆشتربوو باوکت پێش خۆدا بۆلای دەستشۆرەکە، بە لچ لارکردنەوە چەمۆڵەیەکت لێنا دایکت و خوشکەکانت لە ژووری میوان چاوەڕێی ئێوە بوون بێ ئەوەی بایەخ بە ئێوە بدەن، تۆش پڕ بەدڵی خۆت ئەتقیژاند بۆ ئەوەی یەکێکیان بێ و تۆ خۆت لە باوکت بدزیتەوە، بەڵام کەس قسەی نەکرد، کەس بە دەنگتەوە نەهات، باوکیشت هیچی نەوت ویستی برشێتەوە، بەڵام بۆی نەکرا تەنها ئاوی کرد بە دەموچاویا تۆ لەو کاتەدا ویستت بڕۆی باوکت بانگی کردی بۆ ئەوەی بیبەی بۆ سەر سیسەمەکە، کاتێک چووە سەر جێگەکەی و ڕاکشا داوای لێکردی گۆرەوییەکانی بۆ داکەنی تۆ تووشی سەرسوڕمان ببووی، وات ئەزانی لەو ماوەیەدا کە لە ماڵ نەبووی یاسای خانەوادەکەت گۆڕاوە، چونکە کەس نەئەهات بۆ لاتان گوێت لە دەنگی کەسیان

نەبوو، ئەوانیش گوێیان بە دەنگی ئێوە نەئەدا هەر چەندێکیش زیاتر هاوارت بکردایە. من تێناگەم ماڵ و دەرەوە ئێستا یەک شێوەیە بۆ من، بۆ دایکم نایە بۆ لای باوکم لەوانەیە ئەوانیش ڕقیان لە من بێ هەر لەبەر ئەوەش منیان ڕەوانەکرد بۆ شارێکی تر، کاتێک وتم لە زانکۆوە دای ئەبەزێنم بۆ پەیمانگا هیچ نەبێ لە ماڵەوە نزیک ئەبم، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون.. هەموو دنیات لێببوو بە خیانەت نەگبەتی زیاتر هی ئەوە بوو برایەکیشتان نەبوو هەر سێ خوشک بوون، پاشان گێڕاتەوە بە دەستێک لووتی خۆت گرتبوو لە بەر بۆنی گۆرەوی بە دەستەکەی تریش گۆرەوییەکانی باوکت دائەکەند، باوکت ئاگای لە خۆی نەبوو ئەگێن لەبەر ئەو ڕەفتارەت تووڕە ئەبوو بە بێدەنگی جنێوت بە باوکت ئەدا بەڕقەوە گۆرەوییەکانت لەپێ داکەند، باوکت تکای لێ ئەکردی لە سەرخۆ بجووڵێی قاچەکانی ئازار نەدەی تۆ بە خێسەوە لێت ڕووانی لە یادت چووبۆوە کە ئەو پیاوە باوکتە. ئەگەر یەکێک بە کەمترین شێوە بێزاری بکردیتایە ڕقت لێی ئەبۆوە.. ئەمە باوکە یان بەڵایە، بەناخێری گیانم هاتوومەتەوە تا لە ماڵەوە بە ئارامی دانیشم نەک بۆنی گۆرەوی هەڵمژم..؟ لە کاتی قیژاندندا جنێوێکی زۆر ناشرینت دا سەرت وەک کیسەڵ لە بەینی هەردوو شانتا ون کرد و چاوە بزەکانت بەچواردەوری خۆتا گێڕا، بەڵام کەسیان تۆیان نەئەبینی گوێشیان لە دەنگت نەبوو. تۆ لەخەیاڵا دنیایەکت دروست کردبوو تەنانەت باوکیشت گوێی لە دەنگت نەبوو سیسرکەکانیش دەنگیان نەئەهات. خوایە بەس نەبوو گوێیان لە جنێوەکەم نەبوو.. باوکت چاوەکانی لێک نا تۆش ئەوەت بە هەل زانی جێت هێشت.

هەرچەند سەرنجت ئەدا سەیربوو بەلاتەوە چرکە ژمێرو خولەک ژمێرو کاتژمێر هەر سێکیان چوبوونە سەریەک و بە یەکەوە ئەخولانەوە، چاوەکانت زەق ئەکردەوە تاوەکو تێبگەی، بەڵام کاتژمێر لەگەڵ دیوارە سپیەکەدا ئەبوون بەیەک، نەتئەزانی بەرەو شێتبوون ئەچی یا ئینسانەکان تۆ ناگرنە خۆ. ملت نا بۆ ژووری میوان بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکت و خوشکەکانت باسی خەڵک بکەی، بەڵام ئەوان ئەیانویست باسی زانکۆیان بۆ بکەی کاتێک سەرت کرد بە ژووری میواندا کەسیان گوێیان بە تۆ نەدا، هەستت ئەکرد لەهەوادا ونبووی شپرزە بووی لە شوێنی خۆت ڕاچڵەکیت، هێزت نەبوو چیتر لە دڵی خۆتا بقیژێنی دەستت بە سنگتەوە گرت و نەتئەوێرا ئاوڕبدەیتەوە... باوەڕناکەم ئەمە ماڵی خۆمان بێ... بیرت لە ئاوێنە ئەکردەوە، چونکە ئەتزانی ئاوێنەکەی هەمیشە تیایدا لە خۆت ئەڕوانی هەڵێلووشیوی، کەوتییە گومانەوە لەشوێنی خۆت نەبزوای تەنیا چاوت ئەسووڕاند قاچەکانت ئەلەرزین، بەهێواشی دەستەکانت لەسەر سنگت خشاند بەرەوخوار تا سەر ڕانت، بۆ ئەوەی ڕایانگری پشتت بە چوارچێوەی دەرگاکەوە توند کرد، گومان لەسەر گومان بە ڕووتا هەڵئەشاخا، سمت و پشتت لەسەرخۆ لە دەرگاکە ئەخشاند و بەهێواشی بە چیچکانەوە دانیشتی، خۆت لە باوەش گرتبوو ئەتویست ئەوان کردەوەکانت نەبینن، بۆ پاکانە کردنی هەڵسوکەوتەکانت وات دائەنا کە ئەوان تۆ ئەبینن، دڵنیاش نەبووی ئایا ئەو ژوورە چۆڵە، یان نا بە نووزەیەکی پڕ لەپاڕانەوە... دایە، دایە گیان.. خەندە.. کەنار... کەسیان وەڵامیان نەدایتەوە ڕۆحت لەمشتتدابوو وەختابوو بفلیقێتەوە. سەرت لەباوەشتا ون کردبوو بە دزییەوە فرمێسکی وردت ئەڕشت، لەپی دەستەکانت تەڕبوون فزەت لە خۆت بڕیبوو (چیرۆکنووسێکی عەقڵ منالانەی بەڕاستی تۆ لە ئاوێنە فریودەرتری، لە سەرەتادا باسی واقیعیەتی خۆت ئەکرد ئێستاش خەونێکی هەڵبەستراو بگێڕیتەوە، جگە لەوەی زیادەڕەوی لە گێڕانەوەکەیا ئەکەی هەرگیز نەمئەزانی کەسێکی قسە گێڕەوەی، هەمیشە وەک خاوەن ئەخلاق خۆت نیشانی ئێمە ئەدا، تۆ لەو نووسەرانە ئەچی کە شەو و ڕۆژ بەشوێن قوونی خەڵکەوەن، تاوەکو نهێنیەکانیان لێدەرهێنن و بیکەن بە نووسینێکی حەیابەرەو هەڕەشە ئامێز. تۆ بەچ غیرەتێکەوە کێشەی خانەوادەکەم باس ئەکەی) خەریکە بە تەواوەتی لەسەر لاپەڕەی چیرۆکەکە وەک واقیع دەرئەکەوی، جار دوای جار زیاتر قسە ئەکەی و من بە درۆئەخەیتەوە، لەهەمان کاتا من درۆناکەم تەنها ئەوشتانە ئەگێڕمەوە کەئەو کات ئەتگێڕایەوە، تۆ هەرگیز خۆت بە تاوانبار نازانی لە فریودانی زەمانەدا لێهاتووی. دیسان ئینسان بە هاناتەوە هات ئەوان وەک تۆ نەبوون جن و شەیتان نەبوون، لە ژووری نووستنەکەوە تەقەی دەرگات گوێ لێبوو، هاتیتەوە سەرخۆ، بە پەلە سەرت هەڵبڕی ئاوڕت دایەوە بۆ دەرەوەی ئەو ژوورە، بەڵام هەر ئەو تەقەیە بوو هیچیتر لەو ژوورەدا دایک و

خوشکەکانیشت ون بوون، زۆر بە بێدەنگی دانیشتی ماوەیەک هیچت نەبیست لەپڕ وەک شێت هەڵتکوتایە سەر قەنەفەکان بۆ ئەوەی جەستەیەکت بەردەست کەوێت، بەڵام کەس نەبوو لە داخا زۆر بەهێزەوە لەسەرسک خۆت دا بە سەر زەویدا بۆ ئەوەی سەیری ژێر قەنەفەکان بکەی، سنگت ئازاری پێگەیی تفێکت لە ڕاخەرەکەی ژێر خۆت کرد، نەتئەزانی ماوەی چەند ئەبێت باوکت هاتۆتەوەو تۆ کەوتوویتەتە ئەو ئاژاوەیەوە. هەستت ئەکرد ئەوە پاداشتی گوناهەکانتە، چونکە جوانییەکەت وەک جادووگەرێک ئەفرۆشت بە خەڵک بۆ ڕۆژی دوایی جوانییەکەت لای ئەو کەسە نەئەما بە شێوەیەکی تر دروستت ئەکردەوە. گوێت لە تەپەی پێبوو خەندە بوو بە دەنگێکی خەواڵوو پێی وتی بچی بخەوی، پرسیارت لێکرد بەڵام ئەو هیچی نەوت خۆشت گوێت لە دەنگی خۆت نەبوو ناچار بەشوێنی کەوتی بۆ ژووری خەوەکە، بۆ ئەوەی ئەوان گومانی شێت بوونت لێنەکەن هەوڵت ئەدا بێدەنگ بی دوابەدوای خەندە چوویتە ژوورەوە دەرگاکەت لەدوای خۆتەوە زۆر بە هێزەوە داخست لە بەرگوێی تۆدا دەنگێکی بەرزی لێوەهات، ترسای دەستت بەگوێچکەتەوە گرت و چاوەکانت داخست. چاوەڕوانی جنێوی دایکت و بۆڵە بۆڵی خوشکەکانت بووی، بەڵام بە پێچەوانەوە تەنانەت خەندەش کە لە پێشتەوە بوو، نەشڵەژا وەک ئەوە وابوو گوێی لەو دەنگە نەبووبێ، ترس زیاتر جەستەی لەرزۆک کردی.. تێناگەم من هەر لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆم یان ئەوان لە ماڵەوە نین... لە نێوان هەردوو خوشکەکەتدا ڕاکشای، جێگەکەی تۆ لە سەرپەڕ ڕاخرابوو، بەڵام لە ترسا بەزۆر خەندەت ڕاکێشایە سەر شوێنەکەی خۆت بێ ئەوەی نووزەی لێوەبێ، لە ترسا لەگەڵ خەیاڵە گڵاوەکانتدا خۆت مت کرد تەنانەت خەیاڵیش هەر یەک فلاشباک بوو دووبارە ئەبۆوە. دەرگاکە جیڕەیەکی لێوەهات بە هێواشی کرایەوە، تۆ ڕاچڵەکیت و ڕووت بۆ وەرگێڕا خوشکەکانت جووڵەیان نەکرد، باوکت تا ئەو کاتەش مەست بوو ئەژنۆی خستە سەر ڕاخەرەکەو بە سەر خەندەدا چەمییەوە خۆی بۆ تۆ درێژ کرد، پەشۆکای خۆت خستە باوەشی (کەنار)ەوە کەنار بە ئاگا نەهات، خەندەش لەژێر سکی باوکتا جووڵە جووڵی بوو، بەڵام قسەی نەئەکرد سەرسام بووی نەتئەزانی تەماشای کێیان بکەی هەر پاڵت بە کەنارەوە ئەنا بەڵام دەنگی نەئەکرد، بێدەنگی و بێگوێیی تۆی شێت کردبوو باوکت دەستی بە سەر و پرچتدا هێناو تۆش خەمی خەندەت بوو دەستت بۆ لای قەپرغەی برد. خەندە بە خەبەری، ئازارت پێناگا هەستە ئەو شوێنە چۆڵ کە..؟ خەندە دەنگی نەبوو باوکت تکای لێئەکردی کە خەبەریان نەکەیتەوە، ئەو شەوە تۆ تەنها گوێت لە دەنگی باوکت ئەبوو، دەستی خستە سەر سکت تۆش دەستیت گرت ویستت لایبەی، بەڵام باوکت زۆر بە نەرمی بە غەڵبە غەڵبێکی خاوەوە دەستی گرتی و لای برد داوای لێکردی بەو شەوە بەشوێنی کەوی بۆ نەخۆشخانەی منالبوون.. کچم وەرە ئەچین بزانم سکت پڕنەبووە؟ چاوت چووە پشتەسەرت بانگی دایکت کرد، باوکت زۆر بە ڕێزەوە تکای لێکردی کە بێدەنگ بی نەکا ئەوان بەخەبەر بێن، نەک دایکت بە هاناتەوە نەهات، بەڵکو خەندەو کەناریش گوێیان لە دەنگت نەبوو ئەگریای.. چیبە باوکە بۆناچی بۆ حەمام تا بێیتەوە هۆش؟ وازم لێبێنە ئێوارە درەنگ گەیشتمە ماڵەوە هیلاکم، باوکە گیان شوورەییە چۆن قسەی وا ئەڵێیت من کچی خۆتم بەوە نابێ لە ماڵەوە دوورکەوتوومەوە شارەزای ڕەفتاری کچی خۆت نی.؟ بە گریان و پاڕانەوە لەگەڵ باوکت ئەدوای ئەویش زۆر لەسەرخۆ بە پێچەوانەی تۆوە کچی خۆم زۆر ئاساییە زووکە با فریاکەوین خەڵک پێمان نەزانێ و حەیامان نەچێت.. بلووزەکەی هەڵدایەوە بۆ ئەوەی دەست لە سکە ڕووتەکەت بدا هێزت ئەدایە بەر خۆت، بەڵام وەک ئەوە وابوو جەستەت لە ڕۆحت جیابووبێتەوە خۆت بە زەلیلی ئەبینی، ئیتر هاوار کردنەکانت کەڵکی نەما تەنها گوێی خۆت و باوکت قسەکانیان ئەبیست، قوڕگت وەختابوو دەرئەهات تەنها دڵت گوێی لە دەنگت بوو قرخە قرخت بوو، دەستی باوکت بۆ ڕانەئەگیرا بە نووزەوە.. باوکە شەرم کە دەست بۆ کوێم ئەبەی؟ ئەپاڕایتەوە نەتئەزانی خەوە یان ڕاستی، تۆ شێت بووی، یان بابە گیان، هەرچەندە دەستی باوکت ئەگرت وەک ئەوە وابوو دەست لە هەوادا ڕاوەشێنی یاخود دەستی بابەگیان چەوربێ و نەگیرێ.. بابەگیان خۆمن نەچووم بۆ بەرەڵاخانە من چووم بۆ زانکۆ.. خۆ ڕاپسکانەکانت لە دەستی بابەگیان بێ سوود بوون دنیا لە تۆ ببوو بە دوژمن، ئەو شەوە ئاواتت بە زانکۆ ئەخواست، باوکت زیاتر دەستی لە سکە ڕووتەکەت توند ئەکرد، فانیلەکەی ژێر بلووزەکەتی

هەڵدایەوەو ئەو لە مەستیا ئەو کردارەی ئەکرد لە هەمان کاتدا باوکت ترسێک هانی ئەدا، من نازانم پێئەچێ خۆت لە مەبەستەکەی باوکت گەیشتبی. هەستت کرد سکت پڕبووە باوکت دەستی ئەبرد بۆ خوار ناوکت، یاخود سر سینەت، نووزەکەت ئەبوو بە بورکان و ئەتقیژاند خۆت ڕائەچڵەکاند لە تاو قیژەکەت، بەڵام کەس نەهات بە هاناتەوە دەستی باوکت هەرچۆنێک بێ بوو بە تەڵەی دەستەوە نەتهێشت زیاتر سنووری خوار ناوکت ببەزێنێ، گریانەکەت پڕبوو لە پاڕانەوە. تەواو کەوتیتە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە وڕێنە و خەیاڵ لای تۆ ڕاستی بوو دەستت بۆ سکت برد.. بابەگیان شەرم بتگرێ ئەوە کەی ئیشی باوکە لەگەڵ کچی خۆی، باوکە ئەگەر ئەزانی سکم پڕە بمکوژە با ڕزگارم بێ. دەستی خستە سەر ڕوومەتە فرمێسکاوییەکانت، پەنجەکانی تەڕ بوون بردی بۆ دەمی سوێر بوو پەنجەکانی خۆی ماچ کرد واتە ڕوومەتی تۆی ماچکرد زیاتر بەزەییت بە خۆتا هاتەوە.. باوکە گیان چییە بوختانیان بۆ کردووم؟ بە خودا جەستەم لە هیچ لایەکەوە خوێنی لێ نەتکاوە هیچ پیاوێک منی ڕووت نەکردۆتەوە.. (ئەوە چییە بۆ پاڵەوانەکەی خۆت بەو شێوەیە لاواز ئەکەی نازانی ئەدەبی میللەتێک لاواز ئەکەی، من یەکجار بەو شێوەیە خۆم لە دەستنەداوە ڕاستە ئاوێنە فریوی داوم، بەڵام ئەوەش خۆم ئارەزووم کردووە، چونکە خەیاڵ شوێنی ژیانە، بەڵام ئەو کەسەی شوێن خەونێکی تاقانە ئەکەوێ هیچ زەوییەک نایگرێتە خۆی، تۆ چیرۆکنووسێکی بێ خەیاڵی، واقیع چەواشە ئەکەی لە کاتێکدا ئەتەوێ بیگێڕیتەوە، تۆ واقیعێکی ڕوتوقووت بەیان ئەکەی، نووسەر بۆ ئەوەی ئەفسوونی داهێنانەکەی بەتاڵ نەبێتەوە، هەرگیز سەرەداوێکیش بۆ درککردنی واقیعیەتی دەقەکەی دەرناخات، بەچەند کۆدێکی بەهێز وەک داوی جاڵجاڵۆکە ئەیتەنێت کە سەر لە ڕەخنەگرەکانیش ئەشێوێنێت، بەڵام تۆ بەپێچەوانەوە هەر ئەوە ماوە ناوی سیانی پاڵەوانی چیرۆکەکەت بۆ خوێنەر ئاشکرا بکەی. من ئەوکات وام بەخەیاڵا ئەهات کە وەک دکتۆرێکی دەروونی شیفابی بۆ کێشەکانی من، هەستم ئەکرد وەک دکتۆر، کەسێکی متمانەت پێئەکرێت) بێدەنگ بە قسەکانت ڕووبەڕێکی زۆریان داگیرکرد واهەست ئەکەم لەچیرۆکەکە دێیتە دەرەوە لە ژوورەکەیدا دەستەو یەخەم ئەبی، بەڵام ڕێگەت پێنادەم (تۆ تازە ناتوانی ڕێچکەی چیرۆکەکە بگۆڕی، چونکە بە نووسینەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە دەستی پێکرد) چییە ئەتەوێت دەسەڵاتی دنیای چیرۆکەکە بگریتە دەست؟ تائێستا هیچ پاڵەوانێک لەگەڵ چیرۆکنووسەکەیدا وا زمان درێژ نەبووە ئاگاداربە یاساو ڕێسا هەیە (ئەو یاساو ڕێسایەی کە ڕێگە بەتۆ ئەدا نهێنییەکانی خەڵک ئاشکرابکەی؟ من ئەوەندەی بە مناڵی هەزار و یەک شەوەیان بۆ خوێندبێتمەوە یاسایەکی تیانابینمەوە، خەیاڵ و ئەفسانەو پەرجوو بەکار هێنراون، ئەویش لە پێناو بەردەوامبوونی ژیان، واتە چیرۆکبێژ بۆ پاراستنی ژیانی و پاڵەوانەکەی خۆی هەموو جۆرە تەکنیکێک بەکار ئەهێنێ، ئەدەب و هونەر خەیاڵی ئینسانەکانن لەخەیاڵا یاسا جێگەی نابێتەوە) بەسە تەواو بێزار بووم بهێڵە بنووسم خۆ تۆ تێکشکابووی، وابڕوا خوێنەریش ئەهێنێتە ناو دەقەکەوە (زۆرباشە چیتر ماوە بینووسە ئەو بوختانانەی کە هەڵت بەستوون، بەڵام لە کۆتاییدا منیش خەونەکەی تۆ باس ئەکەم ئێستا هیچ ناڵێم) بابە گیان وازی نەئەهێنا لە سەرخۆ دەستی بەسکتا ئەهێنا پەنجەکانی تێئەچەقاند، فرمێسک سینە و سکتی خووساندبۆوە، سەیر بوو بەلاتەوە کەدایکت نەئەهات باوکت بباتە سەر جێگەی خەوەکەی.

ئەو شەوە دنیا تەنها تۆی تیا ئەژیای، کەنار پرخەی ئەهات مەگەر تۆ بتجووڵاندایە ئەگینا وەک ماری سڕی لێهاتبوو، باوکت ئەجووڵاو خەندەش لەژێریا وەک پارچە کەولێکی لێهاتبوو، توانات نەما جەستەی خۆت خستە ژێر دەستی باوکتەوە، قژە خاوەکەی خەندە بە سەر سەرینەکەدا پەخشان ببوو باوکت ئەنیشکی لە سەرینەکە توند کردبوو خەندە دەموچاوی بە قژ داپۆشرابوو، ڕوخساری هەردوو خوشکەکەت لێ ون بوو. باوکت سەرنجی ڕاکێشایتەوە بۆ لای خۆی.. کچم ئەچین بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون زوو ئەگەڕێینەوە هەستە تا حەیامان نەچووە.. تۆ چیتر بەرگریت بۆ نەئەکرا هەستت ئەکرد ڕووداوەکە ڕاستە. بابە گیان ئێستا درەنگە بەڵێن بێ بەیانی زوو ئەچین، پێش ئەوەی خەڵک بەخەبەربێن.. بەو پێیەی کە دایک و خوشکەکانت دەنگیان نەبوو ئەوەندە موخەنەک بووی... بابەگیان دایە و خوشکەکانم ئەو بوختانەیان... باوکت بەو مەستیەوە بەرگەی ئەو تۆمەتەی نەگرت کە تۆ داتەپاڵ دایک و خوشکەکانت،

فرمێسکی ڕژاندە سەر سکی ڕووتت دەستی لە سەر هەڵگرتی و بە بێدەنگی هەستا جێی هێشتی گوێت لە هەنسکی بوو، کاتێک بەو شێوەیە باوکت جێی هێشتی بەزەییت پێیداهاتەوە داوای مەرگی خۆت کرد بەڕاکشانەوە تفێکت هەڵدا، بەڵام کەوتەوە سەر دەموچاوی خۆت، تۆ وات ئەزانی هەموو ئەوانەی لێتەوە نزیکن ئەیانەوێ فریوت بەن.

پاش ئەوەی گەڕایتەوە بۆ زانکۆ لە بەشە ناوخۆییدا نەخۆش کەوتی، دایک و باوکت هەفتەی جارێک سەردانیان ئەکردی و دڵیان ئەدایتەوە، بەڵام تۆ هەستت ئەکرد شێتیەکەت ئاشکرا ئەبێ وتت: سەردانم مەکەن، سروود بۆ ئێمەی ئەگێڕایەوە واتە بۆ گرووپەکە گوایە گەدەت بە نانخواردن ژەهراوی بووە.. خونچە لە بەشە ناوخۆیی هەمیشە ئەڵێت ئەڕشێمەوە کاتێک ئەیبەمە حەمامەکە نارشێتەوە.. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو سروود هۆی نەخۆشییەکەتی بۆ دەرکەوت چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە بەدیارتەوە بوو ویستی تەلیفۆن بۆ دایکت بکات، بەڵام تۆ دەستتکرد بە گریان کە ئیشی وانەکات، گرووپەکە و ئەوەی تۆی ئەناسی، هاتنە خەستەخانە تۆ زیاتر پەست بووی لە پاشەملە زەمی سروودت کردبوو کە بۆچی خەڵکی تێگەیاندووە، نەخۆشیەکە تەواو بێ هێزی کردی، بەڵام درۆکردنت لەگەڵ جەستەو ڕوخسارتدا هەر بەردەوام بوو ئەگەرچی مۆدێلەکان کەمتر ببوونەوە بەدوو ڕۆژ جارێک شێوەی خۆت پیشانی خەڵک ئەدا، تواناکەی جارانت نەمابوو، بەڵام ئەبوایە بەردەوام بوویتایە، چونکە ئەوە خوویەکەو گیرۆدەی بووی هەمیشە بەرامبەر ئاوێنەکە شێوەی خۆت ئەگۆڕی تۆ خەڵک ئەبینی، بەڵام ئەوان تۆیان لەبیرچۆتەوە، تۆ جگە لەخەیاڵ هیچی تر نی، ئیتر بەهۆی خۆگۆڕینە خەیاڵییەکانتەوە لەبەرچاوی خەڵک ون بووی، لە دنیای ئاوێنەدای ئەو دنیایەش تەنها جیهانی یەک ئینسانە. کاتێک لە زانکۆ ئەمبینی، هەمیشە ئەخوێنیتەوە زۆر بلیمەت لێت تێگەیشتبووم، بەڵام ئێستا پاش چەندین ساڵ خوێندنەوە نووسەرێکی زۆر دەست و پێ سپی (تۆ کەسێکی نەخۆشی) بەڵێ ئەگەر کەسێک مێژووی ئاڕاستەکراوی ژیان ڕەت کاتەوەو یاخی بێ لە پێناو خەیاڵەکانیا ئێوە بە نەخۆشی دائەنێن یا پیاوکوژ (ئەبینم قسەکانی منی چیرۆکنووس ئەکەونە ناو کەوانەوە چ جادووگەرێکی بەتوانای، بەڵام بەداخەوە من چیرۆکەکەم تەواوکرد لە کۆتاییدا دەفتەرەکە ئەخەمە سەر ڕەفەی کتێبخانەکە) نا ئەوە لە لایەن ئەفسوونی چیرۆکەکەو کەوانەکان دائەخرێنەوە بەسەرتا، ئەبێ ڕێز لە خوێنەر بگری ئیشەکە بە نیوەچڵی جێ مەهێڵە هەردووکمان تا کۆتایی ئەڕۆین.

ئیشی دکتۆری دەروونی نهێنییەکەی ئەوەیە کە گێڕانەوەی نەخۆشەکان نەدرکێنێ، چونکە بە درکاندنی، نهێنی ئیشەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە (بیبڕەوە واز لەو یارییە خەیاڵییە بهێنە، من هیچ کات ڕازی نابم پاڵەوانێکی بێ گیان فکرەی خۆی بەسەر قەڵەمەکەمدا بسەپێنێ ئەم کەوانانە هەڵگرە) هەموو ئەو نێهێنیانەت باس کرد کە ڕۆژانێک خەیاڵێک بوون و من هۆگریان بووم. تۆ هەمیشە پاڵەوانەکەی خۆت لەناو کەوانەدا بچووک ئەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەوە من نیم تۆ بچووک ئەکەمەوە بۆ ناو کەوانە، بەڵکو ڕێڕەوی خەیاڵێکی بێ تەمومژە، چارەنووسی چیرۆکەکەیە (بەڕاستی پاڵەوانێکی سرک و پیسی دەستەمۆ نابی) کاتی ئەوە هاتووە من بگێڕمەوە (وام لێ مەکە پەشیمان بم لە نووسینی چیرۆکەکە ئەگینا ڕەشی ئەکەمەوە تەواو وەڕس بووم، بۆ ئەوەندە پاڵەوانێکی بێ مێشکی ئێستاش دەسەڵات بە منە) هەموو کەسێک هەر لە ئەزەلەوە خەونێکی سەرکێشانە لە ناخیایە، لەبەرئەوە نووسەرە ناشییەکان کاتێک خەوەکانیان لەژیاندا بەدی نەهاتووە ناچار لەسەر پەڕەی کاغەز خۆیان کردووە بەخولقێنەری دنیایەک، بە ئارەزووی ویستی خۆیان، ئەوکەسەی کە لەسەر پەڕەی کاغەز ئەیخولقێنن، لە دنیا خەیاڵییەکەیاندا زۆر کوێرانە بەلاڕێیا ئەبەن بێ ئەوەی پێویست بێ لە ناوی ئەبەن.

ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوپێش بۆ زانکۆ بۆ باسکردنی خەیاڵەکانی خۆم نا، بەڵکو بۆ باسکردنی ئەم چیرۆکنووسەی ئەیویست بوختان بۆ من هەڵ ئەبەستێ، ئەو چیرۆکنووسەی زۆر بێ بەزییانە پاڵەوانەکەی خۆی لاواز و ڕیسوا کرد. لە کاتێکدا کە ئەوەی ئەیگێڕایەوە یەکەمین چیرۆکی بوو پاش بیست و پێنج ساڵ خوێندنەوە، لە زانکۆ هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، ئەو کاتەی کتێبی دەست نەکەوتایە بۆ خوێندنەوە ئەهات بۆ لای ئێمە، لاواز، ڕیش هاتوو هەموو کاتی خۆی تەنها لە کتێب خوێندنەوەدا بەسەر ئەبرد، ڕەنگی زەرد وەک لاپەڕەی کتێبە کۆنەکان،

بەشێوەیەک ئەچووە زەمەنی کتێبەکانەوە ڕوخساری بەپێی ئاوو هەواو بەرزونزمی هەرێم و جوگرافیای جیهانی کتێبەکە چرچ و لۆچی تێئەکەوت. لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا ماوەیەک دیارنەما، واتە نەهاتەوە بۆ زانکۆ دوای ئەو چوار ڕۆژە کە هاتەوە بەشێوەیەکی سەیر پیر ببوو، بەڵام خۆی هەستی بەو گۆڕانە نەکردبوو کە لە جەستەیدا ڕویدابوو، مووی سپی ڕوخساری داپۆشیبوو، تەنها بە جووڵەی خوێن دەموچاوی ئەناسرایەوە، خوێنێک کە زۆر بەخێرایی سووڕی خۆی تەواو ئەکرد، چووبووە ناو زەمەنی کتێبەکەوە، ئەیوت: لەماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆمانێکم خوێندۆتەوە، باسی ژیانی سی ساڵی کەسێکی کردووە کە چۆن بە ئازارەوە ژیانی تێپەڕئەبێت و پیر ئەبێ، لە کاتی خوێندنەوەدا هەستم ئەکرد ڕۆحی من دۆناودۆنی جەستەی ئەو پاڵەوانە ماندوو شەکەتە بووە. هەروەک چۆن سەردەمی کشتوکاڵی ئینسان بە کێڵگەکەیەوە بەسترابۆوە لە توانایدا نەبوو کۆچ بکا، ئەویش گیرۆدەی کتێب ببوو چووبووە دنیایەکەوە لە تێپەڕ بوونی زەمەن بێئاگابوو یاخود لای ئەو زەمەن بوونی نەبوو زەوی سڕابۆوە، مەبەستمە بڵێم ئەوەندەی ژیانی چەواشەی منی ئەگێڕایەوە ڕابردووی خۆی بگێڕایەتەوە نووسینێکی زۆر جوانی ئەخوڵقاند، چونکە ژیانێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو خوێنەریک بوو چاوی بەهەموو کتێبی دنیا پڕ نەئەبۆوە کاتێک پێمان ئەوت بۆ نووسین بڵاوناکەیتەوە ئەیوت:ئێشتا زووە ئەمەوێ شتێکی جوان بنووسم جیاوازبم لە نووسەرانی تر، لە کاتێکا هەرکەسێک دوو سێ کتێب بخوێنێتەوە دەس ئەکا بە نووسین، بەڵام ئەو هەر نەینووسی دوای زانکۆش تا ئەو کاتەی من ئاگام لێی بوو هەر نەینووسی. من هیچ کاتێ ئارەزووی خوێندنەوەم نەبووە واتە شارەزاییم لە ئەدەبدا نییە، بە منداڵی باوکم شەوانە پێش خەوتن چەندین جار کتێبی هەزارو یەک شەوەی بۆ ئەخوێندینەوە ئێستاش زۆربەی چیرۆکەکانیم لەبیر ماوە، بەڵام شەوێک باوکم چیرۆکێکی جیاوازی بۆ خوێندینەوە، هی بەلزاک بوو کە هەرگیز لەخەیاڵما کاڵ نابێتەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکەی بەلزاک ناوی (لوئی لامبر) بوو پیاوێکی زۆر عاقڵ و تێگەیشتوو بوو لە ناو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو، ئەو پیاوە بە هۆشترین ئینسان بووە لە جیهاندا، ئەو پاڵەوانە تا ئەو کاتەی پیر بووەو مەرگ لە کتێبی جیاکردۆتەوە، سەرقاڵی خوێندنەوە بووە لە تەنها ژوورێکدا، بەڵام ئەوەی لە مێشکیدا بووە نەی توانیوە دەربیڕێ واتە لە گفتوگۆکردندا قسەی بیر ئەچۆوە، چونکە نەیتوانی پێوەندی زمانی لەگەڵ خەڵک دروست بکا، ئەو لە زمانی کتێبدا لە زمانی دنیایەکی تەنهادا ون ببوو.

ئەو خوێنەرەی کە لەمەوپێش ئەیویست بوختانم بۆ هەڵبەستێ لەچاوەڕوانی دەقێکی ناوازەدا سەر ئەنێتەوە، کە تائێستا هیچ عارفێک ئەو شانسەی نەبووە بەخەیاڵیدا تێپەڕێ، دۆزینەوەی خەیاڵ و چرکەساتێکی مێژوویی کە تائێستا نە دۆزراوەتەوە، واتە لەودیو سنووری عەقڵەوە لە ئینسان شاراوەیە، وەک ئەو کیمیاگەرە خۆش خەیاڵانەی هەموو تەمەنی ناسکی خۆیان لە ئەشکەوت و ژوورە لاتەریک و شێدارەکانا بەهەدەر ئەدەن. تاوەکو ئۆکسیدێک بدۆزنەوە قوڕقوشم بکات بە ئاڵتوون، ئەو نهێنییەیان نەئەزانی کە ژیان هەرچەندێک درێژبێ بارتەقای بچووکترین خەون نییە، کاتێ بە ئاگا ئەهاتن خۆرەی تێپەڕبوونی زەمەن جەستەی ڕزاندبوون. ئەو خوێنەرەی ئەیویست ژیانی من چەواشە بکا بە نیازی نووسینێکە کە ئەوانەی پێش خۆی ڕەت کاتەوە، ئەیەوێ کتێبێک بێ کە ئینسان توانای کردنەوەی کۆدەکانی نەبێ، دەقێک بێ دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا بشکێ، وەڵامی پرسیاری هەموو نەوەکانی هەڵگرتبێ، کتێبێ کە تەورات و ئینجیل و قورئان بسڕێتەوە. هەرچەند ئەکات دەستی گۆ ناکات بە عەقڵی خۆی دێڕێک بنووسێت، چونکە ئەوەی ئەینووسێت لە خەونەکەی ناچێ، لە چاوەڕوانی ئەوەدایە دەنگێک لە ئاسمانەوە ئەمری پێبکات، هەر بۆیە هەمیشە تەنها و دوورەپەرێز سەری بەسەر کتێبدا شۆڕکردۆتەوە و خەیاڵی لە ئاسمانە.